# ڕێکەوتننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 ی مێژویی وەڵامێک بۆحسەین محەمەد عەزیز.. جەمال فەتاح

لەرۆژی 2006/3/11 دا لە سایتی درۆکاندا حسەین محەمەد عەزیز وتارێکی بڵاوکردەوە لەبن ناوی رێککەوننامەی 11/مارسی 1970 و چەن پەندێکی مێژوویی. بەڵام هەر پاش چەند کات ژمێرێک بەپەلە پروزە سایتی درۆکان و حسەین پروزە ئەو وتارە درۆینەیان لابرد، هۆکاری لابردنی ئەبێت خۆیان وەڵام گۆ بن، بەڵام من نایەڵم ئەو درۆیانە بەسەر حسەین پروزە دا تێپەرێ بۆیە بریارم دا وەڵامێکی زۆر گورچک برو تێرو تەسەلی ئەو وتارە پڕ لە درۆ و بووختانەی حسەین پروزە بدەمەوە. بۆئەوەی فێربێ جارێکە لە نووسیندا درۆ نەکات وە باش بزانێت ئەوە ئەو گێلە و بەشەوارە خراوە نەک ڕۆشنبیرانی کورد..

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بلێم حسەین محەمەد عەزیز کۆنە پاسۆک وتازەمارکسی بەخەیاڵی پوچی ئەیەوێت ڕاستیەکان لە لاوانی کەم ئەزموونی کورد چەواشە بکات بەتایبەتی ئەو ڕووداو و کێشانەی پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی نەتەوەیی مستەفا بارزانییەوە هەیە بەڵام نازانێت ماموستاکانی ئەو زۆر لەمێژە خۆیان لەو ئەزموون وتاقیکردنەوە درۆینە تاڵانە داوە و بەڵام جگە لەمایە پوچی وریسوایی هیچیتریان بۆنەماوەتەوە؟!.

گەلۆ حسەین محەمەد عەزیز بۆچی ئەیەوێت ڕاستیەکانی ڕێکەوتن نامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970ی مێژویی ئاوەژۆبکات وپێچەوانەی ڕاستیەکان بەخەڵکی بگەیەنێت؟!.

دیارە بەپێی وێنەکەیدا ناوبراو تەمەنی لەدەوروبەری موالدی 1940کاندایە و ئەوتەمەنش واتای تەمەنی زۆربەی پێشمەرگەو کادرانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنە.

گەلۆ تۆبڵێی حسەین محەمەد عەزیز بەشداری لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا نەکردبێت بۆیە وا ڕقی لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن وسەرکردایەتیە بەئەمەکو خەباتگێڕەکەی دەبێتەوە؟!. خۆئەگەر کوردێک لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا تەمەنی گەشتبێتە 18 ساڵ وبەشداری لەشۆڕشی ئەیلولدا نەکردبێت بەتایبەتی خوێندەواران ورۆشنبیران جا چی وەکو پێشمەرگە و چی وەک ڕێکخستن، ئەوەدیارە سەر بەچی بەندو باویک بووە؟!. ئەگەر حسەین محەمەد عەزیز لەشۆڕشی ئەیلولدا سەر بە بەندو باوی دژەگەل بوو بێت وەک هەر دژەگەلێک ئەوا لاریمان نیە لەوەی کە ئێستاش دژمان بێت؟!.

دەنا گەر کەسێک دوژمنی شۆرشی ئەیلولی مەزن وسەرکردەی لەبارزان وقارەمانی نەتەوەکەمان مستەفا بارزانی نەمر نەبێت چۆن وەکو حسەین محەمەد عەزیز ڕاستیەکان بەبێشەمانە ئاوەژۆ ئەکات؟!. لەکاتێکدا هەر بەوتەی حسەین خۆی کە لە یاداشتەکانی حەردان تکریتیەوە وەریگرتوون ئەڵێت (لەڕاستیدا کوردەکان لەماوەی یەک چەرخی تەواودا، بە خۆڕاگریی پاڵەوانانەی خۆیان توانیان، چۆک بەدەسەڵاتی میری عیراق دابدەن. بەئەندازەیەک ئەترسایین، بەردەوام بوونی جەنگەکە هۆکارێ بێ، دەسڵاتی بەغدا لە سەر دەستی مەلامستەفا بارزانی دا بروخێ... ژمارەی قوربانییەکانی سوپای عێراق بەچەن مانگێ پێش رێککەوتننامەکەی 11/مارس، لەهەفتەیەکدا 325 کوژراو و بریندار‌بوو. دوای ئەوەی، پێش 11/مارس بە دوو مانگ هەوڵماندا، بۆلەنێوبردنی جووڵانەوەکەو تێیدا سەرکەوتوو نەبووین. بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕکردن بریارماندا، گفتوگۆ لەگەڵ مەلادا بکەین چونکە، ئەوە دەرفەتێکی دوورودرێژی دەداینێ، بۆئەوەی فرمانڕەواییەکەمان لەکیس نەچێ. مەبەست لەگفتوگۆکردنەکە ئەوەبوو، لەسەر هەمواواکاریەکانی مەلا ڕازیی بین، بۆئەوەی،

هەوڵی گەمارۆدانی بدەین، یا كۆدەتایەكی سەربازی دژبكەین. بەڵام ئەو زیرەكترو بەهێزتر بوو، پتر شارەزای شێوەكانی مانۆڕەكردنی ڕامیاری وسەربازی بوو:؟!!.

ئەمەی سەرەوە دەقی ئەو نوسینەیە كە حەردان تكریتی لەیاداشتەكانیدا نوسیویەتی و حسەین محەمەد عەزیز ئەگەر زیادەڕەوی بەدەمی ئەویشەوە نەكردبێت بۆی نوسیوەتەوە باخوێنەران سەر پشك بن بزانن دوژمنانی كورد بەویژدانترن لەئاستی شۆڕشی ئەیلول و پارتی وبارزانیدا یان حسەین محەمەد عەزیز، كەئەو بەناو وتارەی ئێستا خاڵبەخاڵ وەڵامی ئەدەمەوە پڕە لەدرۆ و چەواشەكاری و بێڕێزی بەرانبەر سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن وپارتی وسەرۆك مستەفا بارزانی نەمر؟!!.

خوێنەرانی هێژا هەرچەند ئەزانم ئەم باسە زۆردرێژ ئەبێتەوەو لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێك لەخوێنەران ئەگەر بەتەواوی خۆیانی بۆ تەرخان نەكەن بێتاقەتی بیانگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حسەین محەمەد عەزیز زۆر شتی چەواشەكردووە و زۆرشتیشی ئاوەژۆ كردووە و زۆریش بێویژدانی بەخەرجداوە بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەركردایەتی شۆڕش بۆیە ناچارم ئەگەر چی وتارەكەم زۆر دورو درێژ ئەبێتەوە وەڵامی بەجێ وراستەقینە بە ناوبراو بدەمەوە، چونكە ئەبێت دەقی نووسینە چەواشە كارییە كانی ئەو چەواشەكارە بنوسمەوە بۆیە وتارەكە درێژ ئەبێتەوە، جا داوای لێبوردن ئەكەم لەسەر ئێشان تان و لەهەر هەڵە و كەم وكورتییەك، .

لەمەولاش لەم وتارەمدا حسەین محەمەد عەزیز بە (چەواشەكار) ناوئەبەم بۆیە داوای لێبوردن لەگشت لایەك ئەكەم؟!.

سەرەتا (چەواشەكار) ئەنوسێت (دەڵێم گەر شۆڕشی كورد، هەر لەسەرەتاوە، بەرنامەو ستراتیجی نەتەوەیی هەبووایە، ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمانی، بە خۆراكی بیری ڕەسەنی كوردایەتی گۆشكردایە، چۆن دوژمنان و داگیركەران دەیانتوانی، ئەو هەموپەتپەتییەمان پێ بكەن؟هتد... ) گەلۆ (چەواشەكار) ماوەیەك سەر بەپارتی سۆشیالیستی كورد (پاسۆك) بوو هەرچەند ناوبراو لەبارەگاكانی پاسۆك هەردەم جێگای سەرنجو گاڵتەجاڕی پێشمەرگەكانیان بوو بەڵام دەبوو بیزانیبایە و لەپێشمەگەكانی پاسۆكەوە فێر بایە كە شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەرۆك مستەفا بارزانی قوتابخانەی كوردایەتی بوون بۆنەتەوەی كورد چونكە جگەلەوەی لەچاو ئەم سەردەمەی ئێستا ئەو سەردەمە لە زۆر ڕووەوە جیاكاری زۆر هەبوو لەڕووی ڕۆشنبیری وبیری نەتەوەیی وبیری ئازادی خوازی وهتد.. بەڵام شۆڕشی ئەیلولی مەزن وسەرۆك مستەفا بارزانی نەمر بەدرێژایی سەردەمی شۆڕش كەنزیكی 15 ساڵی خایاند ئەم ئاكارو كردارە ڕەسەن وجوانانەیان چاند لەدڵی هەر تاكێكی نەتەوەكەماندا بەگشتی و هەرتاكێكی باشوری كوردستاندا بەتایبەتی، إ-بیری ئازادی خوازیان گەیاندە هەر ماڵێك و هەرتاكێكی كورد، ب-ئاكاری شۆڕشگێرانەیان وەك وانەیەك فێری هەر تاكێكی كورد كرد بەنێر و مێ وە، ج-ڕۆشنبیری شۆڕش و داهێنانی شۆڕشیان گەیاندە هەر ماڵێكی كورد چی لەڕێگای ڕاگەیاندن ورادیۆی شۆڕش و چی لەڕێگای كادرو بەر پرسانی شۆڕشەوە بۆكۆمەڵانی خەڵك، د-وانەی ئازایەتی و خۆڕاگری و قارەمانییەتیان فێری پیر و لاو و ئافرەت وپیاوی كورد كرد، ه-شۆڕشی ئەیلولی مەزن و بارزانی نەمر هەرتاكێكی كوردیان بەتایبەتی لەباشوری كوردستاندا فێری ئەوە كرد لەهیچ سەر كەوتنێك مەغرور نەبن ولەهیچ تێكشكانێكیش نائومێد نەبن بۆیە ئەو هەمو سەركەوتن وتێكشكانانەی باشوری كوردستان كە لە ساڵی 1975 هەتا ساڵی 1991 چەندین سەر كەوتن وتێكشكانی خێرا بۆگەلەكەمان هاتووەتە گۆڕێ بەڵام نە مەغرور و نە نائومێد نەبوون وە

بەماوەیەکی کورت دوای تێکشکانەکان هەڵئەسانەوە و بەرسینگی دوژمنانیان ئەگرتەوە تاسەرنجام جەماوەری گەلەکەمان وهێزی پێشمەگەی کوردستان لەباشوری کوردستاندا لە بەهاری 1991 دا بۆدواجار چۆکیان بەدوژمن دا داو ئەو بارودۆخەی ئێستا هاتەکایەوە بۆگەلەکەمان، هەروەها لەشۆرشی ئەیلولی مەزنداو لەژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانی نەمردا کورد فێری یەکپارچەیی ویەک ڕیزی و قبوڵکردنی یەکتری کرا، هەرکەس هەر بیرو باوەڕێکی هەبایە ئەیتوانی بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ جیاکاری یان چەوسانەوەیەک بکات لەناو ڕیزەکانی شۆرشی ئەیلولی مەزندا خۆی ڕێک بخات وخەبات بکات نمونەشمان حزبی شیوعی وکاژیک و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە کە لەلایەن هیچ بەرپرسیکی شۆرشی ئەیلولی مەزنەوە ڕۆژێک لەرۆژان تاکە نەفەرێک لەسەر بیروباوەڕی جیا تووشی لێپێچانەوە و لێپرسینەوە نەبوو، ز-شۆرشی ئەیلولی مەزن درێژخایەنترین شۆرشی کورد بوو لە پێش شۆرشی ئەیلولدا هیچ شۆرشێکی کورد ئەوەندەی نەخایاند بوو، وە پرقوربانی ترین شۆرشی کورد بوو لەچاو شۆرشەکانی پێش سەردەمی خۆی، ح-شۆرشی ئەیلولی مەزن چاوی جەماوەری گەلەکەمانی کردەوە کە بەچاو کراوەیی براونێتە ئایندەی خۆی و مافەکانی خۆی وە گەلەکەمان لەشۆرشی ئەیلولدا دۆستوو دوژمنی خۆی ناسی و وەکو گەلێکی شۆرشگێڕ هاتە مەیدانی خەباتەوە بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیموکراتی شۆرشگێرانەی سەردەم خۆی گۆشکرد بۆیە جەماوەری گەلەکەمان بەدرێژایی شۆرشی ئەیلولی مەزن دەستی نەدایە کارو ڕەفتارێک کە دژی پرەنسیپەکانی ئازادی ومافی مرۆڤ بێت، هەر بۆیەش گەلەکەمان بەدرێژایی هەر دوو شۆرشی ئەیلولی مەزن وگوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز جگە لە ڕێبازو ئاکاری شۆرشگێرانەی ڕەسەن دەستی بۆهیچ ئاکارێکی نامرۆڤانەو ناشۆرشگێرانە وتیرۆر و تۆقاندن نەبرد چی لەبەرانبەر دوژمنانیدا وچی لەبەربەرانبەر جاشو خۆفرۆشاندا.

لەلایەکیتر (چەواشەکار) وائەزانێت شۆرشکردن ورزگاری گەلێک خواردنەوەی سەرمێز و نووستنی ناوجێگای گەرمە، وا ئەڵێت (چۆن دوژمنان وداگیر کەران ئەیانتوانی ئەو هەموو پەتپەتییەمان پێبکەن) دیارە (چەواشەکار) چونکە خۆی کەسێکی شۆرشگێڕ نییە پێی وایە شۆرشکردن خورماخواردنە، یان پیاسەی ناو بازاڕەکانە، گەلی کورد بەسەر چوار تا پێنچ داگیرکەر دا دابەش کراوە، بۆیە شۆرش کردن لەوەها جیۆپۆلەتیک ێکدا کارێکی سانا نییە لەکاتێکدا دوژمنانی نەتەوە هەموویان لەسەر داگیرکاری وپێشێلکردنی مافەکانی کوردو سەرکوت کردنی شۆرش یەک دەنگ بن، بۆیە شۆرشکردن و ڕزگار بوون بەبێ ماڵوێرانی وقوربانی لەرادەبەدەر نایەتە دروست بوون؟!، .

لەبرگەیەکی تردا (چەواشەکار) باسی خراپی یاساو ڕێساکانی بەعس ئەکات ئەوەکێشەی من نییە وەڵامی بدەمەوە بەڵام ئەوەی کەپێویستی بەوەڵام هەیە وەڵامی ئەدەمەوە.

(چەوشەکار) ئەڵێت (نازانم دەبێ. لە جیهانی ڕامیاریی ئەوڕۆدا، چ دەقێ هەبێ، لەم دەقانەی بەعس ڕونتر وئاشکراتر گوترابێ و نووسرابێ؟!! ئەدی خەتای کێیە، باوەڕ بە بەعس دەکا؟!!ئایا، ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەعس بە هیچ شێوەیە، بەکوردی گوتووە:عەرەبی عێراق وسوریا، بەشێکن لەنەتەوەی عەرەب، کوردی باشوورو خواروی کوردستان یش، بەشێکن لە نەتەوەی کورد؟!!عێراق ی عەرەبی و بەشە عیرەبییەکەی سووریا دووپارچەن لەنیشتمانی عەرەب، باشوورو خواراوای کوردستان یش دووپارچەن لەکوردستانی مەزن؟!! ئایا، هەمیشە نەیانگوتووە:هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا بەخاکو گەلەکانیانەوە، دووەدوڵەتی عەرەبین، بەشێکن لەنیشتمان و نەتەوەی عەرەب؟!!کەواتە ئیدی ئەم خۆ هەڵخەڵەتاندنە بۆ؟!!لەپێناوی چیدا؟!!لەبەر خاتری چاوی گەشی کێ، دەمێ سەددام حوسێن

بە دادوەر و دەمێکی دیکەش بە ئەندازیار دادەنێن؟!!هتد... ) (چەواشەکار) 36 ساڵ لەدوای ڕێکەوتننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 ی مێژویی تازە خۆی بەعسی ناسیوە، ئەویش ئەزانێت بەعش ڕووخاوە دەنا لەوەناچێت بیوێرایە بەڕاشکاوی باسیان لەسەر بکات و ناویان بهێنێت، لەدوای 35 ساڵ حوکمی ڕەشەکوژی بەعسیەکان و سەدام لەدوای ڕووخانیان ئەوسا ئەوێرێت ناویان ببات، کەچی سەرنجە بێسەرو بەرو چەواشەکاریەکانی چەواشەکار وای دەر ئەبرێت کە پێویستە سەر کردایەتی شۆشی ئەیلول لەپێش 36 ساڵدا بیانزانیبا کە ڕژێمی بەعسی تازە سەر کار کەوتووی ساڵی1968بۆ 1970، 35 ساڵ حوکم ئەکات و لەو ماوە شدا چی بە کورد و ئێراق ئەکات ئەم پێشبینی و زەکاوەتەش مەگەر هەر لە حسەین پروزەی چەواشەکار بوەشێتەوە؟!!دەنا باوەڕ ناکەم کەس لەجیهاندا هەبێت بتوانێت ئەو پێشبینیەبکات.

لەبڕگەیە کیتردا (چەواشەکار) ئەنوسێت (وا دیارە، سەرانی پارتی و شۆڕش، پەلەیەکی زۆریان، لە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەکەدا کردووە. تەنیا مەبەستیشیان ئەوە بووە، لەگەڵ بەعس دا پێکبێن. بۆیە، وا بەو شێوەیە، ئەو هەموو کەموموورِیی و کەلێنە، لە ریککەوتنامەکەدا بەدی دەکرێ. پێکهاتنی 11/مارسی 1970 لە بنەڕەتدا هەڵەی زۆر بوو، یەکێ لەوانە ئەوە بوو، درەنگو زووی لەسەر کرا، زوو بە ڕیوە نەبرا، مەڵبەندی خودموختاری کوردستان زۆر باش دیاری نەکرابوو... هتد.. ) (چەواشەکار) لێرەشدا بەتەواوی کەم ئەزمونی خۆی لە سەر شۆڕشی ئەیلول و دوورە پەرێزی لە بواری ڕامیاری و خەباتی دبلوماسی کورد نیشانداوە؟!!، چونکە وەک لای هەمومان ڕوونە دوای 36 ساڵ کە بە سەر ئەو ڕوداوەدا تێپەڕیوە هیچ کاتێك کوردی باشوری کوردستانیش بەقەدەر ئەمڕۆ بەهێز نەبووە بەڵام تاکوئێستاش سنوری جوگرافیای کوردستان دیاری نەکراوە بۆ هەرێمی کوردستان، تاکوئێستاش ناوچە بەعەرەب کراوەکان هەر بەعەرەب کراوی ماوەتەوە ئیتر ئەبێت بۆچی غەرەزێک کوردێک هەبێت گلەیی لەسەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بکات و بڵێت بۆچی؟ سنوری کوردستانیان لە ساڵی 1970 دا دیاری نەکردووە؟، لەکاتێکدا سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر بە سەدامی وت کەرکوک دڵی کوردستانە ئەگەر هەرکاتێک مرۆڤ توانی بەبێ دڵ بژی ئەوکاتە کوردستانیش ئەتوانێت بێ کەرکوک بێت، وە ئێوە داگیرتان کردووە ئەگەر دەسەڵاتمان هەبوو لەچاوتان دەری ئەهێنین وەگەر ئێستاش ئێمە نەمان توانی لێتان وەر بگرینەوە ئەوە بابەداگیر کراوی بمێنێتەوە لە ئایندە دا ڕۆڵە کانی کورد زۆر سەر بەستانە لێتان وەر ئەگرێتەوە، . ئیتر بۆچی کەسیک خۆی بەنووسەر بزانێت ئاوا بەو سادەییە بکەوێتە ناو هەڵەیەکی واوە کە جێگای سەرنج و پێکەنین بێت؟!، .

(چەواشەکەر) لەبڕگەیەکیتردا بەتێکەڵ و پێکەڵی زۆرشت چەواشە ئەکات و ئەنووسێت (گەر سەرنجێکی ورد لە ڕێککەوتنامەکە بدەین:لەهەندێ شوێندا، سووکایەتیی بە کورد کراوە. چونکە، بەهیچ شێوەیەک ناوی کوردستان نەهێنراوە. ) (چەواشەکار) لەوانەیە دەقی ئۆتۆنۆمییە کلکو گوێ کراوە کەی ساڵی 1974ی بەعسیەکانی هێنابێت خەڵکی پێچەواشە بکات، دەنا ئەو نوسخەی کە لەلای من هەیە زیاتر لە 14 جار ناوی کوردستان بە کوردستان هاتووە، بەڵام ئەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەو بەیان نامەیە لە مەکتەبی بارزانی نووسراوە بە ئامادە بوونی سەرۆک بارزانی خۆی کە سەدامیش نوێنەری تەنە زولکاری ڕژێم بووە تێیدا، بەڵام ئەگەر (چەواشەکار) مەبەستی بەیانەکەی ساڵی 1974 ی بەعسیەکانە ئەوە نەپێوەندی بەسەرکردایەتی کورد و نە پێوەندی بە کوردەوە هەیە و نەکەسیش ئەو بەیانەی قبوڵ کردووە و نە شۆڕش و سەرۆک بارزانیش لێی بەرپرسیارە، وە سەرۆک مستە

بارزانی نەمر ئەو بەیانە و ئەو ئۆتۆنۆمییە کلکو گوێ کراوەی بەعسیەکانی لە ساڵی 1974 دا قبوڵ نەکرد بۆیە خۆی و شۆڕشی ئەیلولی مەزن و پارتیشی کردە قوربانی بۆ کەرکوک و خانەقین و تا سنجار کە لەو بەیانەدا لە کوردستان دابڕابوون، ئیتر نازانم ئاغای (چەواشەکار) وراوەی چی ئەکات و گلەیی چی لەشۆڕشی ئەیلولی سەرکەش و پێشەوای قارەمانی نەتەوەکەمان ئەکات؟!!.

وە ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو خاڵ و بەند ومافانە بدەین کە لەو ڕێککەوتننامەدا هاتووە لەساڵی 1970 دا هیچی لەفیدراڵی و کۆنفیدراڵیش کەمتر نییە، ئیتر نازانم (چەواشەکار) بۆچی رقی لەو ڕێکەوتنە مێژوویە بووەتەوە؟!!، کە لەدوای دابەشکردنی کوردستان ئەوە یەکەمجار بوو لەلایەن دوژمنانەوە لەپارچەیەکی کوردستاندا دان بەمافە ڕەواکانی کورد دا بنرێت بەو جۆرە بەهێزو ڕاشکاو و سەربەرزانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن.

لەبڕگەیەکی تردا (چەواشەکار) ئەڵێت (دەربارەی سامانی کوردستان یش، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە بێ، هیچی بۆکورد تێدا بەدی ناکرێ. چونکە، لە خاڵی چواردە دا نووسراوە: (لە بەرئەوەی ئۆتۆنۆمیی، لە چوارچیوەی کۆماری عێراق دا دەبێ، شتێکی ئاساییە، کە بەکارهێنانی سامانە سرووشتییەکان لەو نێوچەیەدا، لە ژێر دەسەڵاتی ئەم کۆمارەدا بێ. ) لەم برگانەی سەرەوەشدا (چەواشەکار) گێلی و نەفامی خۆی بەتەواوی ئاشکرا کردووە، چونکە کورد ئۆتۆنۆمی وەر گرتووە نەک سەر بەخۆیی، وە لەهەمانکاتدا لەو بەیاننامەدا ڕەد نەکراوەتەوە کە کورد مافی بەکار هێنانی سامانی سرووشتی خۆی نییە بەڵکو ئەڵێت سرووشتییە ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندیش بەکاری بێنێت چونکە بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دەسەڵاتی ناوەندەوە دەدرا بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولا لەسەری.

لەبڕگەیەکیتردا (چەواشەکار) باس لەوە ئەکات کە سەدام لە گەڵ گۆڤارێکی میسریدا وتوویەتی (سەددام لە هەمان چاوپێکەوندا، ئەوەی دووبارە کردووەتەوە و گوتوویەتی: (دەسەڵاتی نێوەندی، لە کاری نەخشەکێشان، بۆدجەی گشتی، ڕامیاری دەرەوە و بەکارهێنانی سامانە سرووشتییەکانی بەرپرسیارە. )

ئەوە جگە لەو هەموو کەموکوورییانەی، لەڕێکەوتننامەکەدا هەیە، سەرکردایەتی شۆڕش چەند کێشەیەکی گرنگی، بێ چارەسەرکردن، لەنێواندا هێشتبۆوە. دواتریش لەسەرکردەکانی شۆڕش ڕایانگەیان، گوایە:چەن خاڵێکی نهێنی، لە نێواندا هەبووە و لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیان نەبووە، لە کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا باسکرێ و بخرێتەڕوو. هتد... ) دیارە وەک وتم کورد و شۆڕش ئۆتۆنۆمیان وەر گرتووە نەک سەر بەخۆیی وشتیتر، لەیاسای ئۆتۆنۆمیدا گەلێک لەچوار چیوەی وڵاتێکدا ئۆتۆنۆمی وەر ئەگرێت، واتە هەمووشتێکی ئەو گەلە لەچوار چێوەی ئەو وڵاتەدا ئەبێت کە ئۆتۆنۆمی لێ وەر گرتووە، ئەمەش سروشتییە، بەپێی بڕیاری ئۆتۆنۆمی زۆر شتی گرنگ ئەبەسترێت بەناوەندەوە، ئەمەش ئەگەر گەلە ئۆتۆنۆمی دارەکە کورد نەبێت بەڵکو ئەرمەنستان بێت وسەربە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بێت یان کالیفۆرنیا بێ و سەربە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، هەر چەند ئەوان سیستەمی فیدراڵین، لەلایەکیتر سەدام مافی خۆی بووە چۆن بیر لە دەسەڵاتی ڕژێمەکەی کردووەتەوە هەروەک کوردیش مافی خۆی بووە چۆن بەرگری لەمافەکانی خۆی بکات.

لەلایەکیتر ئەو پرۆسەیە لەو سەردەمەدا پێشکەوتووترین پرسەی ئۆتۆنۆمی بووە لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان، هەروەها (چەواشەکار) باسی کەلێن و نهێنی ئەکات کەلکەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمدا هەبووبێت بەڵام شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەرۆک مستەفا

بارزانی ڕاسگۆترین شۆڕش و سەرکردەی کورد بوون کە نەهیچیان بەبێ پرسی کورد کردووە و نەهیچیان لە جەماوەری گەل شاراوە بووە ئەمەش لەهەڵبەستراوی (چەواشەکار) دەر چێت هیچیتر نییە؟!!.

لەبڕگەیەکیتردا (چەواشەکار) ئەڵێت (زۆر ساکاریی سەرکردایەتی شۆڕش پیشاندەدا، کە کێشەی کەرکوک و نێوچەکانی دیکەی کوردستان ئەوانەی بە عەرەب کرابون، بۆ شێر و خەتی سەرژمێری گشتی، لەگەل بەعسدا بهێلرێتەوە، . )

خوێنەرانی بەڕێز بەباشی سەرنجی ئەم دوودێڕو نیوەی سەرەوە بدەن دەرون نەخۆشی ئەم پیاوە گێلە تان بە باشی بۆدەر ئەکەوێت بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەر کردایەتییە قارەمانەکەی، باشە ئێستا 36 ساڵ دوای ڕێککەوننامەی 1970/3/11 ی مێژوویە سەدام و بەعسیش لەڕەگو ڕیشە هەڵکنراون، ئێستا هەر تەنها پارتی لەسەر گۆڕە پانەکە دا نییە بەڵکو دەیان پارت و ڕێکخراوی کوردی هەیە ئەی ئێستا ئەوەنییە؟ کەرکوک و ناوچەکانی تر هەڵگیراون بۆکۆتایی ساڵی 2007 و پاشان سەر ژمێری بکرێت ئەوسا ئەگەر کورد زۆربە بوو ئەو ناوچانە ئەگەڕێنەوە سەر کوردستان، ئەی ئەمەیان ساکاری کێیە؟ خۆ جەنابی دکتۆری پتروکیمیاوی ئەمجارە هەموو سەرکردایەتی سیاسی کورد بەسادەو ساکار نازمێرێت؟!!.

(چەواشەکار) لە دوو بڕگەی لەدوای یەکدا ئەڵێت (نامەوێت باسی ئەو دەستەو کۆمەڵانەبکەم، کەدژی ڕێکەوتنەکەبوون. بەڵام، هێندە هەیە، ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە، لەمێژوی کورد دا دووبارە بوونەتەوە و هەموو جارەکانیش، تەنیا هەر، بۆ هەڵخەڵەتاندن و تاکتیک بووە!چونکە هەر دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە، لێپرسراوانی بەعس دەسیان بە خراپەکردن کرد. لەبری ئەوەی، عەرەبە خێڵەکییە چێنراوەکان لە کوردستان دا، بۆ نێوچەکانی پێشوی خۆیان بگێڕنەوە، کەچیی، بەشێوەیەکی بەردەوام عەرەبی دەشتەکی دیکەیان دەهێنا!

دەرکردنی کوردە فەیلیی یەکان لە عێراق، نەک هەر نەوەستا، بەڵکو دوای ڕێکەوتنەکە، هەر زۆر زیادیشیکرد. )

لەم بڕگانەی سەرەوە دا (چەواشەکار) زۆر بێشەرمانە جگە لەوە شتەکان چەواشە ئەکات قۆناخەکانیش بەسەر یەکدا تێکەڵ ئەکات، سەرتا من نازانم ئەو دەستەو کۆمەڵانەکێ بوون؟جگە لەجاش و دوژمنان کە دژی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوون بەڵام من دڵنیام هیچ گروپێک نەبوو لەوکاتەدا لەکوردستاندا لە بەرژەوەندی کورد بن و لە ژێر سایەو سەرکردایەتی پارتی و بارزانی دا نەبوبن و سەرۆک مستەفا بارزانی یان وەک ڕابەرێک قبوڵ نەبووبێت، لەمەش دەر چێت درۆیەو بۆچەواشەکردنی خەڵکە، . لەلایەکیتر لەڕێکەوتننامەی 1970/3/11 هەتا 1974/3/11 لەباشوری کوردستاندا نەکوردێک گیراوە نەکوردێک ستەمی لێکراوە نەتاکە کوردێکی فەیلیی گیراوە و نەلە جێگای خۆی وەردەر نراوە، نەتاکەماڵێکی کەرکوک لەئەسنای ئەو ڕێکەوتنە چوار ساڵییەدا دەر کراوە و نە گوندێک بەعەرەب کراوە، دیارە ئەم برادەرە قۆناخەکان تێکەڵ ئەکات ئەوەی ئەوباسی ئەکات جگەلەوە کە لەسەردەمی مەلەلیکییەوە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراقی دەستیان هەبووە لەتەعریب و نیازی بەعەرەبکردنی کوردستانیان هەبووە بەڵام شتێکی ئەوتۆیان پێنەکراوە هەتا ساڵی 1975 و لەدوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 وە بەتەواوی دەستی پێکرد نەک لە ماوەی ئەو ڕێکەوتنەدا، بەڵام بەعس پلانیان دژی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی ئەیلول جار جار ئەگێڕا لەکاتی ئەو

ڕێکەوتنەدا بەڵام سەرکەوتوو نە ئەبوون تێیدا. بۆیە ئەم پیاوە دەرون نەخۆشە ئەبێت ڕۆژێک وەڵام گۆی گشت ئەو درۆ و بوختان و هەڵبەستراوانە بێت کە ئەیانخاتە پاڵ شۆڕشی ئەیلولی مەزن وسەرکردەی قارەمانی نەتەوەکەمان مستەفا بارزانی نەمر.

(چەواشەکار) لەبرگەیەکیتردا ئەنوسێت (جگە لەوەی، چەن کەموکووڕییەکی گرنگ، لەڕێککەوتننامەکەدا هەبوو، سەرانی بەعس یش سەرکردایەتی شۆڕشیان هەڵخەڵەتاندووە و دەسیانبڕیوون، دەستدرێژییەکی زۆریان، بۆ سەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵک کردووە. سەرکردایەتی ڕامیاری و شۆڕشیش، لە ئاستی ئەو گەمە گەورەیەی دوژمندا نەبوون، بەڵکوو ساویلکەیی، خۆشباوەڕیی و کەمتەرخەمی، باڵی بە سەر کردار و ڕەفتارەکانیاندا کێشاوە. بۆیە لەکاتی پێویستی خۆیدا، وەڵامی گورچکبڕی بەعسیان نەداوەتەوە، کاتێکی زۆریان، بە خۆڕایی بەسەر بردووە و هەلە مێژووییەکانیشیان لەدەسداوە!) .

گەڵۆ مرۆ بەتایبەتی مرۆییەک کە خۆی ناو بنێت نووسەر ئەبێ بۆهەر خاڵێکی نوسینەکەی کەبیسەلمێنێت لایکەم بەڵگەیەک بێنیتەوە، بەڵام ئەم گێلە پیاوە ئەم برگانەی سەرەوەی ڕیزکردووە بەبێ ئەوەی تاکە نمونەیەک بۆ ئەو گشتە درۆ و تاوانبارکردنانە بهێنێتەوە، پێی وایە ڕۆشنبیرانی کوردیش وەکو ئەو گێلن گاڵتە بە هەزریان بکات، مرۆڤ هەر درۆ بکات نابێت بەنووسین بیکات بەتایبەتیش بۆمێژوویەکی نزیکی وەک مێژووی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کە سەرتاسەری پڕە لەسەروەی و جوامێری بۆنەتەوە کەمان، ئەم پیاوە درۆزنە باسی کەموکووڕی ڕێکەوتن نامەکە ئەکات منیش ئەڵێم بێکەم وکوڕی نەبووە بەڵام خۆ ئەبێت نمونەی کەموکوورییەکان باسبکرێت؟!، یان باسی ئەوە ئەکات کە سەرانی شۆڕش هەڵخەڵەتاون بەکام بەڵگە هەڵخەڵەتاون؟، یان ئەڵێت لەو ماوەدا دەستدرێژیەکی زۆر لەلایەن ڕژێمەوە کراوەتە سەر هاوڵاتیان کام دەست درێژی خۆ ئەبێت چەند نمونەیەکی بەر چاوت هەبێت بۆهەر شکاندنێکت، یان سەرکردایەتی شۆڕش لەئاستی کام گەمە گەورەی دوژمندا نەبوون؟، لەکاتێکدا سەدام و بەعس دەستیان بەردایەوە لەبەرانبەر شۆڕش و سەرکردایەتی کوردا وە بەو پەڕێ لاوازییەوە هاتن و هەمووشتێکی سەرکردایەتی کوردیان قبووڵ کرد، ئەگەر مەبەستت لە ئەو پلانە نێودەوڵەتییەیە کە شۆڕشی کوردی لەناوبرد ئەوە پلانێکی نێودەوڵەتی بوو بەسەرکردایەتی ئەمریکای ئەو سەدەمە و سۆڤیەتی و گشت دەوڵەتەکانی ناوچەکەش هاوبەش بوون لەو پیلانە دا، وە سەدام و بەعس یش لەو پلانە دا نەک سەربەخۆیی خۆیان لەدەسدا بەڵکو ئاو و خاکی نەوت خێزی سنوری ڕووباری عەرەبیان لەدەسدا کە لە 35% هەموو بەرژەوەندی ئێراقیان تێدا بوو لە ڕێکەوتنی الجەزائیر دا تاکو شۆڕشی کوردیان بۆ لەناو چوو هەروەها هەر ریککەوتننامەی الجەزائیری ساڵی 1975 بوو کە شەڕی ئیران ئێراقی لێکەوتەوە و پاشان بۆ قەرەبووکردنەوەی باجی ئەو شەڕە سەدام پەلاماری وڵاتی کوەیتی دا و ئەوەش بووە هۆی ڕووخانی سەدام وڕژێمەکەی و کێشانیان بۆ بەردەمی دادگا وەک ئێستا دیارە، یان کام وەڵامی بەعس نەدراوەتەوە خۆئەبێت چەند نمونەیەک باسبکەیت کەنیتە، چوونکە بێباج و بە درۆ وتن و بە درۆ نووسین پیشەی مرۆی سادەیە و درۆزنیش ئەبێت باجەکەی بدات؟؟!!.

لەبەشێکیتری چەواشەکارییە کەیدا (چەواشەکار) ئەنووسێت.

(ئەمانە هەموویان، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، سەرکردایەتی پارتیی و شۆڕش، ستراتیژێکی ڕامیاری و سەربازیی نەتەوەیی لەبار، گونجاو و ڕوونیان نەبووە، دۆست و دوژمنیان بەتەواوی، لە یەکدی جیا نەکردۆتەوە. ئەگینا، گەر بەرنامە و پرۆگرامێکی کوردانە و ستراتیژێکی لەباریان هەبووایە، چۆن ئەو هەموو سووکایەتییپێکردن، دەسدرێژیی و لادانە،

لە ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکەی 11/مارس قەبوڵدەکرا؟!!چۆن ئەو دوو هەلە گەورەیەی خۆماڵییکردنی نەوت و جەنگە سەختەکەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل ی ئۆکتۆبەری /1972، هەروا بە خۆڕایی لەدەسدەدرا؟!!) .

خوێنەرانی خۆشە ویست دیارە لەدوای ئەوەی (چەواشەکار) دووبارە کردنەوەی درۆکانی خۆی لێئەبێت بەڕاست ئەوسا ئەنووسێت ئەمانە هەموویان بۆئەو ڕیزکردنانەی سەرەوە ئەگەڕێتەوە.

ئەگەر شۆڕش ستراتیجیەتی نەبووایە چۆن؟ شۆڕشێکی وا گەورە بە بەرچاوی ئەو هەموو دوژمنەی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە کە بە هەموو توانایان دژایەتی کورد و شۆڕش و سەرۆک بارزانیان ئەکرد کەچی شۆڕش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو سەرکەوتنی گەورەتر هەڵئەکشا و لە بەدرەو جەسان تا سنجار و زاخۆی گرتەوە؟!، وە کورد لەدوای پارچەپارچە بوون و داگیر کردنی هەتا ساڵی 1970 و ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری مێژوویی کورد بە حورمەت و سەر بەرز نەبووە بە هەموو تەمەنی باشوری کوردستان بەئێستاشەوە بەقەدەر سەردەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزن خۆشگوزەران نەبووە، بێ دادی و بێ مافی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزندا لەکوردستاندا بوونی نەبوو، کێ ئەیتوانی لەترسی یاسای پڕ لەداد پەروەری سەرۆک مستەفا بارزانی ستەم لەیەکێک یان لەهەژارێک بکات. ئەمە حسەین پروزە لەگوێی کام چۆمدا نووستووە درۆی کام کتێبەکۆنەی کام کۆنەجاش مان بۆ ئەنووسێتەوە؟!.

(چەواشەکار) باس لەوە ئەکات لەکاتی جەنگی عەرەب ئیسرائیل و کاتی خۆماڵی کردنی نەوت، کورد دەبوو پەلاماری ئێراقی بدایە و ئاگر بەستی بشکاندایە، ئەی سەلا لە ئەقڵی چروکت، سەرەتا خنجەری ژەهراوی لەپشتەوە وەشاندن ئەوە هەرگیز لەنەرێتی کورد بەدەر بووە، وە کوردیش بەدرێژایی شۆڕش هەمیشە ڕەسەنایەتی شۆڕشی کوردی پاراستووە بۆیە وەکو گەلێکی شۆڕشگێڕ لەسەر ئاستی جیهاندا ناسرا و بووین چوونکە هەرگیز دڕۆمان لەگەل خۆمان لەگەل دوژمنانیش نەکردووە، هەرگیز دەستمان بۆ تیرۆر و تۆقاندن نە بردووە، هەرگیز شۆڕشگێڕانی کورد بەدرێژایی زیاتر لە 30 ساڵ شۆڕش کارێکیان نەکردووە کە ڕەوشت و ئاکاری شۆڕشگێڕی خۆمان ونبکەین، لەلایەکیتر ئێستاش کە نوێنەرێکی کورد لەگەل عەرەب کۆئەبێتەوە یەکەم خاڵی بەهێز کە بە دەستییەوە بێت ئەوەیە کەئێمە لەکاتی جەنگەکانی عەرەب ئیسرائیل جەنگەکانی خۆمان لەگەل لەشکری ئێراق ڕاگرتووە، یان لەساڵی 1972 دا هاوکاری تەواوی لەشکری ئێراق مانکردووە لەشەڕ دژی ئیسرائیل، هەر ئەوەش جێگای شانازی کوردە، کەچی جەنابی حسەین پروزە لەجێگای ئەو خاڵە بەهێزانەی کورد ئەیەوێت کورد خائین و ناپاک بێت؟!!ئەمەش بۆچی؟ئەوە خۆی ئەبێت وەلام گۆبێت.

بەهەر حاڵ دوای ئەمانەش (چەواشەکار) وڕێنەی زۆری کردوە و شۆڕشی ئەیلولی مەزن وسەرۆک مستەبارزانی بەتێکشکاو داناوە، بەلام هەمووکردێکی خاوەن زەکاوەت و ڕۆشنبیر ئەزانێت کە گەر شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەرک مستەفا بارزانی نەبوایە حاڵی باشوری کوردستان لە پارچەکانی تری کوردستان باشتر نە ئەبوو، بۆیە ئەم سەرکەوتنەی باشوری کوردستان خەبات و قوبانی دانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی ئەیلولی مەزندا وە گەورەیی ولەکارزانی و پسپۆڕی و سیاسەتوانی جەنابی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمرە بەشاهیدی دۆستو دوژمنانی کورد کە کوردی بەگشتی و باشوری کوردستانی بەتایبەتی بەم ڕۆژە گەیاندووە، .

حسەین پڕوزەی (چەواشەکار) چووە لە کۆنە کتێبی هەندێک کۆنەجاش و هەندێک عەرەبی شۆڤێنی ئەم وتارەی بۆ تێکدانی هەزری هەندێک گەنجی کەم ئەزموونی کورد چوار پینە کردووە ئەوە ئەبێت بزانێت هەر کوردێک وەفادار نەبێت بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلولی مەزن، جگەلەوە هەتکەو شەرەفی نییە ئاو و هەوا و شیری بەری دایکە کوردیشی لێحەرامە، وەمن لەمەزیاتر هیچ ناڵێم لەبارەی ئەم وڕاوانەی حسەین پڕوزە بەڵام هەر ئەوە ئەڵێم من لە کوردستان ئامادەم کۆڕێک بۆ حسەین پڕوزە بگرم بابێت لەبەردەمی ڕۆشنبیرانی کورد دا وەڵام گۆی ئەم گشت درۆ و وڕاوانەی خۆی بێت گەر نا پێویستە لەبەر دەمی دادگای هەرێم ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوەی یاسا..

لە کاتی تەواوبوونی ئەم وتارەش بەرانبەرە لەگەل ڕۆژی 3/14 ڕۆژی لەدایک بوونی بارزانی نەمر دا بۆیە بەو بۆنە گەورەو پیرۆزەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم کورد و سەرجەم شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی کورد ئەکەم بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و لەکۆتاییدا ئاواتم سەربەخۆیی نەتەوەکەمە..

جمال فتاح
2006/3/14
لەندەن